# توانای گەندەڵکردنی ئەوان و ئیرادەی گەندەڵبوونی ئێمە

**بەختیار کەریم**
bakhtyarkarim@hotmail.com

## کاتێک نووسەربوون شەرمەزارییە!

رۆژی 16ی هەشتی ئەمساڵ، لە پەناگەیەکی دوورەدەست لە بەرازیل، یەکێک لە دیکتاتۆرە ناودار و تەمەن درێژەکانی جیهان مرد. "ئەلفریدۆ سترۆزنەر"، ئەو پیاوەی بۆ ماوەی سیوپێنج ساڵ بە مشتێکی پۆڵایینەوە فەرمانڕەوایی "پاراگوای"ی کرد، وەک هەموو دیکتاتۆرەکانی دیکە لە تەنهایی و ڕەزیلییدا مرد، با بڵێین نوخشەش بێت لە دیکتاتۆرەکانی خۆمان. بەڵام لەوانەیە دیکتاتۆرەکانی ئەم سەردەمی تەکنەلۆجیایە، نەتوانن وەک مامۆستاکانیان لە سەردەمەکانی تردا، پانەگەیەک هەڵبژێرن و پارەی دزراوی نەتەوەکەیان لە یەکێک لە پایەتەختەکانی خۆرئاوا لە قاحبە و قوماردا خەرج بکەن. چونکە هەموو شتەکان گۆڕاوون، خەڵکی ئێمەش هۆشیارترە لە جاران. ئەگەر دیکتاتۆرەکانی وڵاتی ئێمە لە کورستان دەرکران، ئەوا لە هەندەرانیش ژیانیان لێ دەکرێتە دۆزەخ. لەوانەیە ئەمە، لەلایەن چڵکاوخۆرەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆری کوردییەوە، وەک هەڕەشە ببینرێت. وەک هەڕەشە دەبینرێت یان وەک هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵێک گەمژە، کە یاری بە چارەنووسی خۆیان بەر لە چارەنووسی ئێمە دەکەن، پێوسیتە گومانمان نەبێت لەوەی کە هیچ کام لەو سەرکردە چەتانەی کوردستان لە هەندەران ناحەوێنەوە، ئیتر ئێوە لە کودستان هەچییەکیان پێدەکەن، ئەوان لەژێر ڕەحمی ئێوەدان.

"ئێزابێل هیڵتن" ڕۆژنامەنووسێکی ناسراو و بەڕێوەبەری ماڵپەڕی (OpenDemocracy)یە، لە چاوپێکەوتنێکی ساڵی 1990یدا لەگەڵ دیکتاتۆری لابراوی پاراگوای ئەلفرێدۆ سترۆزنەر، ئەم چەند دێڕەی خوارەوەی وەک پێشەکیی چاوپێکەوتنەکە نووسیوە:

> "پێکهاتەی حکومەتەکەی بریتیی بوو لە چەتەیی و شەلاتێتیی فەرمیی، چەکدارەکان هەموو پۆستە بەرزەکانیان دەستبەردا گرتبوو، باندی چەتەیی ببوون بە بازرگان. دەستور، ستراکچەری دەوڵەت، یاسا و هەڵبژاردن هەبوون، بەڵام هیچ کام لەمانە ڕاستەقینە نەبوو. ئەوەی ڕاستەقینە بوو دەسەڵات، خزمایەتیی و گەندەڵیی بوو، مرۆڤە ڕاستگۆکان لە زیندان خرابوون و تاوانبارەکان لە حکومەتدا بوون."[1]

بێگومان خوێنەری ڕاستگۆ و خاوەن ویژدان، دەستبەجێ بەراوردێکی سەرسوڕهێنەری لەنێوان ئەم پێناسەیەی دەسەڵاتی ئەوکاتەی پاراگوای و دەسەڵاتی هەنووکەی کوردییدا لەلا دروست دەبێت. هەرکام لەو پێکهاتانەی "ئێزابێل هیڵتن" وەک بەشێک لە دەسەڵاتی پاراگوای باسی کردوون، بۆ دەسەڵاتی کوردیش دروستن. لەبەرئەوە و لەبەرئەوەی زۆر لەسەر گەندەڵیی و بەدڕەوشتییەکانی دەسەڵاتی کوردیی گووتراوە، هەوڵ دەدەین ئاماژەیەک بە بەشداری و تاوانباری ئێمە بدەین لەو گەندەڵیی و بەدڕەوشتییەدا.

نووسەرانی کورد، کە خۆم یەکێکم لەوان، نزمترین ئاستی بوونی کوردیی پێکدەهێنن. هیچ بوونەوەرێکی دیکە نییە لەسەر زەمینی کوردیی ئەوەندەی نووسەران: بەدفەڕ، زیانبەخش، درۆزن، سامناک و چاڵاک بن لە بواری گەندەڵییدا. نووسەران خۆیان و پیشەکەیانیان دابەزاندووە بۆ نزمترین ئاستی چالاکیی ئاژەڵیی، هیچ شکۆ و

---

[1] بڕوانە: http://www.opendemocracy.net/democracy-protest/stroessner_3834.jsp

ڕیزێکیان بە خۆیانەوە نەهێشتۆتەوە. لێرەوە ئاشنابوون بە نیهێنیی خەڵاتکردن و پاداشتدانەوەی نووسەران کارێکی سەخت نییە. ئەوە بەشێکە لە توانای گەندەڵکردنی دەسەڵاتی کوردیی و لە ئیرادە و خواستی گەندەڵبوونی خودی نووسەران. تکا لە خوێنەری هێژا دەکەم، ڕێگەم بدەن تا ئەو جێگایە بڕۆم کە بڵێم: هیچ نووسەرێکی زیندووی کوردیی نییە، شایانی هیچ جۆریک لە خەڵاتکردن بێت. بێگومان جێگەی سەرسامییە کە زیاد لە هەموو توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگای ئێمە، نووسەران پێشەنگی دیاردەی گەندەڵیین. لەناو نووسەراندا بچووکترین ئاماژە بۆ هەبوونی ئیرادەی ڕەتکردنەوە بوونی نییە، ئەمە تادێت خراپتر دەبێت. بەڵام لەوانەیە خوێنەر بپرسێت، ئەدی ئەو هەموو نووسینە تووڕەیەی دەیانخوێنینەوە چین؟

دروستە، ڕۆژنامە و ماڵپەڕە کوردییەکان سیخناخن بە وتاری تووڕە و هەڵچوونی کاتیی. بەڵام کێن ئەوانەی ئەو پاڕانەوەنامە و تکاشیعرییانە دەنووسن؟ هەر هەمان مامۆستاکانی زانکۆن نیین کە بە ئەندازەیەکی ترسناک کۆمەڵگای کوردییان گیرۆدەی نەزانیی کردوە؟ هەر هەمان ئەو ڕۆژنامەنووس و نووسەرانە نیین، کە ڕۆژنامەکانیان کردۆتە سەکۆی پاڕانەوەی خەڵک لە بەرپرسە چەتەکان؟ هەر هەمان ئەو شاعیر و نووسەرانە نیین، کە سبەینێ دەماری گرژییان هێوردەبێتەوە و ڕوودەکەنەوە ڤیستیڤاڵەکانی جەهل و بنکەکانی دەستبەتاڵیی؟ جگە لە چەند نووسەرێکی لاو، کام لەو نووسەرە زەبەلاحانەی هەڵگری چەندین خەڵاتن، ئەو نووسەرە "مەزنانەی" هەمیشە میوانی سەرکردە چەتەکانن، لەو خۆپیشاندانانەدا بەشدارییان کرد؟ کێشەی سەرەکیی نووسەری ئێمە ئەوەیە کە پێیوایە دەبێت خوو بداتە کاری تیۆریی و خۆی لەو کێشە کۆمەڵایەتییە گرنگانە هەڵنەقورتێنێت. بەڵام وەک ئاشکرایە، نووسەری کورد نە کارە تیۆرییەکانی دەکات، چونکە ناخوێنێتەوە، نە ئەرکە مۆراڵییەکانی بەجێدەگەیەنێت، کە یەکێک لەوانە پێشرەویی کردنی ئەو نارەزاییە جەماوەرییانەیە. کۆی ئەو نووسینە بەناو ڕەخنەییانەی لەدژی گەندەڵیی دەیانخوێنینەوە، جگە لە نمایشی بازووی نووسەران هیچی دیکە نیین. کام نووسەر هەیە کاتێک دەنووسێت، سێنتەری باسەکەی خودی خۆی و پاکیی و زانایی خۆی نەبێت؟

یەکێک لە توانا سەرسوڕهێنەرەکانی "ئەلفرێدۆ ستڕۆزنەر" بریتیی بوو لە توانای گەندەڵکردنی خەڵکانی دیکە، یەکێکیش لە ڕێگەخۆشکەرەکان بۆ بەرفراوانبوونی ئەم گەندەڵییە و زامنکردنی مانەوەی دیکتاتۆر لەسەر حوکم، ئیرادەی گەندەڵبوونی زۆرینەی تووێژە کۆمەڵایەتییەکان بوو. گەندەڵیی تەنها دزییکردنی سەرۆکەکان نییە، بەڵکو بەشێکی سەرەکیی لە گەندەڵیی هاندانی خەڵکە بۆ بەشدارییکردن لەو پرۆسەیەدا، هاوکات دەمچەورکردنی هەندێکە بۆ بێدەنگبوون و چاوپۆشیکردن لەو گەندەڵییەی بەڕێوەدەچێت. لێرەدایە نووسەرانی کورد، کە وەک ئەندامێکی پارتی دەڵێت، بە "جەڵەب" خۆیان و ویژدانیان دەفرۆشن، لە هەموو توێژەکانی دیکە تاوانبارترن و پێویستیشە شەرمەزار بکرێن نەک خەڵات.

تەنها لە تێکچرژان و هاوئاهەنگیی توانای دەسەڵاتداران بۆ گەندەڵکردن و ئیرادەی ئێمە بۆ گەندەڵبوون، گەندەڵیی دەگاتە ئاستێک کە "خودا"ش لە ئاسمان بۆی چارەسەر ناکرێت. لە کۆمەڵگایەکدا کە دیارترین ئەندامانی توێژە هەستیارەکانی، گەورەترین دز و چەتەکان پێکبهێنن، گەندەڵیی دەبێتە بەشێک لە ئەخلاقی کۆمەڵایەتیی. چیتر هەڵەیە بپرسین چۆن گەندەڵیی بنبڕ بکەین، بەڵکو ڕەوایە بپرسین چۆن دەروازەیەک بۆ قوتاربوون بدۆزینەوە؟ من لێرەوە بۆ دەروازەی هەڵهاتن دەگەڕێم لەم پیشە بەدفەڕەی نووسین. چونکە کاتێک نووسەربوون شەرمەزارییە، چ مانایەک بۆ کردەی نووسین نامێنێتەوە.

2006/08/19

ئۆکسفۆرد/ئینگلاند